www.kurdistannet.org
02/03/2003 00:48

# لەگەڵ شەپۆلی ئەم شەوم دا

Aziz Barzangi
Düsseldorf

ئەمشەو شەپۆل دەم بات لەگەڵ خەیاڵی ئەم ساتەم دا لەگەڵ خۆیدا دەم بات بەرەو دەریا یکی نویَ ڕاپیێچم ئەکات بۆ ژینیێکی نویَ بۆ غەمیێکی نویَ دەم باتە ناو دەریای ئەشقوو زاری ئەم دڵە پڕلە ئازارەوە شەپۆل لەگەڵم دا جۆش ئەسیێنیێت لەبۆ غوربەتی ئەم ژینەم چەپکەگوڵیکی پڕلە غەم دەکاتە دیاری ئەم ساتە نامۆیەم شەپۆل شەپۆل ئەمشەو دەریا بەدەریا پییَ شوازی لەدڵەی پڕلە ئازارم دەکەن شەپۆل شەپۆل باوەشم بۆ دەکاتەوە بۆ دەریای غەم باران فرمیێسکی گریانی ئەم ساتەم وەکو دیاریێك لەخۆدەگرن لە گەڵم دا شەپۆلە کان دەست لەملەی پڕ لە ئازارم دەکەن ئەم شەو شەپۆلی ڕاین دەم هاویێژیێتە ناو دەریای ئیجەوە لەگەڵ ئەم غەمەم دا غەمیێکی پڕ لە ئازارو سارژنەکراو دەکاتە میوانی دڵەی بیَ چارەم ئەم شەو لەگەڵ شەهیدانی ئەم ڕیێگەی بە ئاوات گەیشتن لە ڕیێگەی ئەم هاندە رانەدا لە گەڵیاندا ساتیێك فرمیێسکی گریانم دەکەمە دیاری بۆیان لەگەڵ خۆم دا چەپکە گوڵی خویێناوی ئەم شەوە زەنگەم لەجیێگای ئەتاری دە کەمە خەڵاتی مندالآنی دەریای ئیجە ئەم شەو لەگەڵ دڵ دارانی دەریای ئیجەدا ساتییێك گویَ لە هەستی خۆشە ویستیان دەگرم کەمەرگ بوو بەرگی بوکیَ نیان کەتارای سپی بوو کیَ نیان بوو بە کفنی مەرگیان لەژینی دا بڕاویاندا ئاخ ئەم شەو لە تاو دڵدا رانوو مندالآنی دەریای ئیجەدا مەستیێکی ڕیێگەی میخانە کان بووم ئاخ ئەشەو ڕۆشتم لەگەڵ شەپۆلی دەریادا ساتیێك دڵەی زەبوونم خۆشی ببینیێت نەم زانی غەمیێکی کە دەکاتە میوانی ئەم شەوی غوربەتم نەم زانی چاوەکانم جاریێکی کە فرمیێسکی خۆیێننی دەڕژیێنیێتە ناو دەریاوە کە لە دڵەی نامۆمدا میوان بیێت هەردەم منیش بەدڵیکی غەم گینەوە گەڕامەوە هەوارگەی غوربەتم لەگەڵ شەپۆلی دەریادا .